**پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە گوندەکان کەرکوک ئاوەدان دەکاتەوە، نموونە حەساری گەورە ... عەلی مەحمود محەمەد**

ئەوەی سەردانی شاری کەرکوک بکات، هەر لە دورەوە بۆی دەردەکەوێت و دەزانێت ئەو ڕاچێتانەی ینك و پدك دروستیان کردووە و بڵاویان کردۆتەوە لەسەر ئاوەدانکردنەوەی کەرکووك هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، ئاخر عامودەکان شار لە تیرۆگی نان کردن باریکتر بێت، ڕوپێوی زەوی بەرپرسانی ینك ی نا کەرکووکی 250% ئەندازەی خەڵکی گوندی ڕەسەنی شۆراو بێت، بێ تەسکییە بەردێکی خاسەت لێ حەرام کرابێت بیدەی بەسەر خۆتدا، ئاوەدانکردنەوە دەبێت چۆن بێت؟.
ینك هەرچەندە لە شۆراو هەموو بەرپرسان حەساریان بۆ خۆیان دابڕیوە ((1000م)) نەك زەوی بۆ خانوو، بەڵام لەگەڵ ئەهلی عامییە جیاکاری ناکەن، لەو گوندانەی ئاوەدانی دەکەنەوە، کوڕی جولەکە بیت یان ڕافزی، شیوعی بیت یان پاسۆك. ئیسلامی بیت یان کریستان، 5000 دۆلاری خۆت حەڵاڵ دەکەیت و لە تەنگەی باخەڵی دەنێیت، ینك ئەگەر لە کەرکووك هیچ کارێکی باشی نەکردبێت، کەس ناتوانێت بەمەیان بڵێت خراپە، هەرچەندە ئەو 5000 دۆلارەو هەموو سەروەت و سامانەکەی تری ئەو دوو پارتە بەشی گەلە، داهاتی نەوت و خاکی ئەم وڵاتەیە ئەوان تەخشان پەخشانی دەکەن و بە هەدەری دەدەن و بەناو خۆیان تۆماری دەکەن، ڕۆژێك دێت لەسەر دوا فلسی لەگەڵ دوا بەرپرسیان لە لایەن گەلەوە لێپرسینەوە دەکرێت، هیچ دزێك بە ئاسودەیی دەسکەوتەکانی خۆی نەخواردووە.
گوندەکانی کەرکوک بە دیوی پردێ لە دوای ڕوخانی ڕژێم، وەك دابەشکردنی دەسکەوت لە لایەن ینك و پدك قوڕ بەسەرانە بەر بەر پارتی کەوتن، هەرچەندە پارتی بۆ خۆی لەم ناوچەیە وەك جەماوەر و ڕێکخستن کەمایەتییە.
پارتی هەرچەندە دەسەڵاتدارییەتی کارگێڕی ناوچەکە بە دەستیەوەیە، بەڵام تاکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی ئەم دەڤەرە، دیارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانە و بەستنەوەیان بە کەرکووکەوە لە ڕوی ئابووری و کارگێڕییەوە هیچ کەمتر نییە لە کارکردن لەناو کەرکووك، بەڵکە وەك بەهێزکردنی پشتینەی پشت شار لە ڕووی ستراتیژییەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەڕووبونەوەی ئەگەرەکانی داهاتوو زۆر گرنگتریشە، ئاخر تۆ پشتت بەهێز نەبێت ناتوانیت خۆڕاگر بیت لە هیچ سەنگەرێك چەندە قایم و بەهێزیش بێت.
ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە لەو گوندانەی بان ساڵەیی (حەسار، گۆڵدەرە، قادرباغر، گەڵۆزی، سەربیر، کەلۆڕ، یارمجە، .... ) پارتی دەیەوێت هاوکاری ئەو ماڵانە بکات کە سەر بە ڕێکخستنەکان خۆین، هەرچەندە کاتی خۆی بەعس کە خەڵکی ئەم ناوچەیەی هێنایە ئۆردوگاکان جیاوازی لە نێوانیان نەکرد، ئەمە یەکەمجارە خەڵکی ئەم دەڤەرە هەست بە ئاپارتاید ((ڕەگەزپەرستی)) دەکەن بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان.
بۆ ئەم مەبەستە لە گوندی حەساری گەورە 25 ماڵی پارتی، بڕیار وایە هەر یەکەیان بە بڕی 1 دەفتەر دۆلار یارمەتی بدرێن، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی 2006/5/23 هەر ماڵەو 25 وەرەقەی دۆلاریان وەرگرت، بەڵام مەرجی لیژنەکەو ئەندازیاری ئاوەدانکردنەوە! ئەوەبوو دەبێ پارەکە بدرێ بەو کەسانەی کە تازە ئاوەدانی دەکەنەوە، واتە بۆ ئەو کەسانە نییە کە خانوویان تەواو کردووە یان هەیکەلیان هەیە، هەندێك لەو ماڵانە پێشتر خانووشیان دروست کردووە، وەلێ ناچارن بناغەی خانوویەکی نوێی دیکە دروست بکەن تا بڕیاری ئاوەدانکردنەوەکە! بیانگرێتەوە:
ئەمەش ناوی ژمارەیەکیانە:
1- عامر رفيق حسين
2- عوسمان حمە نوری

3- محمد عمر مەلا علی
4- ئیراد حەمە رەشید
5- هێمن جوهەر عەلی مردان
6- مەلا ئەنوەر – مەلای حەسار
7- عەتیە عەلی اسعد
8- هەژار تەقی کریم
9- عەلی حسین کاکە علی
10- محمد احمد
11- نەسیب رەفیق
12- جاسم محمد امین
13- عوسمان حەسن صالح
14- رەمەزان خورشید (وەستا پیرۆت)
15- فوئاد ڕابر خورشید
16- کارزان کاکەمەند خورشید
17- هیوا ابراهیم فتح الله
18- وریا ئەحمەد کوێخا رەزا
19- هاجەرە محمد جوامێر
20- فەرهاد حەمە رشید
21- مخلس حمە غەریب تاهر
22- عبدالله حمە غەریب تاهر
23- بکر حاجی علی

دوای ئەم هەنگاوە ڤێزەوونە پارتی دەتوانێت بلێت من جیاوازی لە نێوان هاوولاتیانی کوردستان ناکەم؟، ئایا ئەمە مافی هاوولاتی بوونە لە حکومەتی کۆمەڵگەی مەدەنییەکەی؟.
باشە شارەدێی حەساری گەورە، کانگای تێکۆشەران و شەهیدان و سەنگەری پێشکەوتن خوازی دەڤەری کەرکووک هەر ئەم 25 مالەی تێدایە مافی ژیانیان هەبێت؟.